Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-05

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەیەی ماستەر)

**عباس فیصل ستار 1**

**پ.د. بەیان علی حسین 2**

1- بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

2 - وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان

| | |
|---|---|
| Received | May 2025 |
| Accepted | Jun 2025 |
| Published: | July 2025 |

**Keywords**

**کلیلە ووشە: هێزی کار، کەرتی پەروەردە، قەزای کەلار، دامەزراوە فێرکارییەکان.**

**Corresponding Author**

abasfaysal99@gmail.com

bayan.hussain@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار لەسەر بنەمای میتۆدی وەسفی و شیکاری و بەپشت بەست بە داتاو زانیارییە فەرمییەکانی بەشی ئاماری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئیدارەی گەرمیان، هەروەها پشت بەست بە بەرنامەی (spss) و (ARCGIS.10.8) بۆ شیکاری و کێشانی نەخشە و دیاردە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی قەبارە و دابەشبوون و گۆڕانی گەشەی هێزی کارە لەکەرتی پەروەردە لە سنوری کارگێڕی قەزای کەلار، و دیاریکردنی ئەو فاکتەرە دیموگرافی و ئابوری و کارگێڕیانەی بەرپرسن لەم دابەشبوونە،کۆی گشتی قەبارەی هێزی کار لەکەرتی پەروەردە دەگاتە (6310) هێزی کار، لەو ژمارەیە زۆرترین هێزی کار دەکەوێتە ناوەندی قەزای کەلار کە ڕێژەکەی دەگاتە (66.4%)، بەڵام لە ناحیەکانی (ڕزگاری، پێباز، شێخ تەویل) ڕێژەیان دەگاتە لە (22.4%، 6.8%، 4.4%) بە دوای یەکدا، هەروەها داشبوونی هێزی کار بە پێی دامەزراوە فێرکارییەکان بەرزترین ڕێژەیان هەیە لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەگاتە لە ( 75%)،کۆی هێزی کار لەسەر ئاستی قەزای کەلار، نزمترین ڕێژەیان لە پشکی قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری دایە دەگاتە لە (0.4%)، بەڵام لە ڕووی دابەشبوونی ژینگەییەوە هێزی کار لەکەرتی پەروەردە ڕێژەیان لە سنوری شارنشینی دەگاتە (79.9%) لە سنوری گوندنشینی دەگاتە لە (20.1%) هێزی کار، سەبارەت بە دابەشبوونیان بە پێی ناونیشانی پیشەیی، مامۆستایانی باخچە و بنەڕەتی بەرزترین ڕێژە تۆماردەکەن دەگاتە لە (73%) کۆی هێزی کار، نزمترین ڕێژە لەپشکی مامۆستایانی قوتابخانەی خوێندنی خێرا و نەهێشتنی نەخوێندەواری دەبێت کە دەگاتە لە (1%) کۆی هێزی کار. ئەمتوێژینەوەکە سەرچاوەیەکی گرنگ دەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆ بەرچاو ڕوونی و بەدیهێنانی هاوسەنگی دابەشبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە.

## پێشەکی:

خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان ئەو خزمەتگوزاریانەن کە دامەزراوەکانی کەرتی فێرکاری و مامۆستایان و ڕاهێنەرانی پەروەردەیی پێشکەشی دەکەن بە ئامانجی باشکردن بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لە کۆمەڵگە، یەکێکە لە پایە گرنگەکانی پەرەپێدانی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆجی هەموو وڵاتێک، هەروەها کەناڵێکە بۆ ئاراستەکردن و ئایندەسازی هەموو کۆمەڵگەیەک، ڕادەی پێشکەوتنی کەلان بە ڕادەی خوێندەوارییان پێوانە دەکرێت، هێزی کاری کەرتی پەروەردەش هەوێنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنن، سەرکەوتنی کەرتی پەروەردە لە ڕادەی پێشکەوتنی وڵات و بنیاتنانی کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە و بنەمای سیستەمێکی پەروەردەیی هەموو دەوڵەتێکە، پەروەردە لەسێ بنەمای سەرەکی پێک دێت : بریتین لە خوێندکارو مامۆستاو خوێندنگەو پێداویستیەکانی، کەرتی پەروەردە لە ڕووی خوێندکارەوە دەوڵەمەندە بەڵام لەڕووی هێزی کارەوە هەژارە هەر بۆیە دەبێت گرنگی بەم توێژە گرنگە بدرێت، چونکە هەڵسوڕێنەری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەو داینەمۆی بەرەوپێشبردنی پرۆسەکەیە، بۆ مەبەستی زیاتر بەرەو پێشبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و گونجاندنی لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەو پێداویستیەکانی سەردەم پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بەهێزی کار، چونکە بەشێکی گرنگە لە کۆی دانیشتوان و بنەمای بنیاتنان و گەشەسەندنی ئابوری دەوڵەتە، ڕەگەزێکی سەرەکیشە کاریگەردەبێت و کاریگەریشی دەبێت لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە گۆراوە دیموگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها هاوسەنگی لە دابەشبوونی هێزی کار هۆکارێکی سەرەکییە بۆ باشترکردنی کوالێتی پەروەردە، بۆیە گرنگە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافیەوە لەسەر بنەمای (یەکەکانی کارگێری، ژینگە، دامەزراوە فێرکارییەکان، و ناونیشانی پیشەیی)، ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی جوگرافییە، بۆ هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار، بە پشت بەست بە داتاکانی ساڵانی (2015-2020-2024) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەی گەرمیان و بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار .

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

هێزی کار لە کەرتی پەروەردە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەی دانیشتوانن و لایەنێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەدانیشتوانە، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر قەبارە و گەشەی و دابەشبوونی جوگرافی هێزی کار لەکەرتی پەروەردە بە پێی یەکەکانی کارگێڕی و ژینگەو ناونیشانی پیشەییان، جگە لەوەش بۆ یەکەمجارە لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیە لە بواری هێزی کار لە کەرتی پەروەردە بکرێت لە سەر ئاستی قەزای کەلار. ئەو لێکۆلینەوانەش کراون لە ماوەکانی پێشوودا زیاتر لە چوارچێوەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەکە بوون، ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی گرنگ دەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بۆ بەرچاو ڕوونی و بەدیهێنانی لە هاوسەنگی دابەشبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

1-ئایا جیاوازی هەیە لە قەبارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی قەزای کەلار؟
2-ئایا جیاوازی هەیە لە تێکڕای گەشەی ساڵانەی هێزی کار لەکەرتی پەروەردە بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کەلار؟
3-هۆکارەکانی پشت نایەکسانی لە دابەشبوونی ڕیژەیی هێزی کار لەکەرتی پەروەردە چین بە پێی (دامەزراوەکانی فێرکاری، ژینگە و ناونیشانی پیشەیی؟)، چۆن دەتوانین چارەسەری ئەو نایەکسانیە بکرێت بۆ ئەوەی دابەشبوونێکی هاوسەنگ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە مسۆگەربکرێت؟

## گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:

چەندین گریمانەمان هەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لە کێشەی لێکۆڵینەوەکە پێشنیارکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە

1. جیاوازی زۆر هەیە لە دابەشبوونی هێزی کار لە پەروەردە لەقەزای کەلار بە پێی یەکەکارگێڕییەکان و ژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە. چونکە پەیوەندی هەیە لە نێوان گەشەی دانیشتوان و دابەشبوونی هێزی کاری پەروەردەیی.
2. قەبارەو گەشەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە بە پێی یەکەکانی کاگێڕی چوون یەک نییە.
3. جیاوازی زۆر هەیە لە دابەشبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە بە پێی (دامەزراوەکانی فێرکاری. ژینگە و ناونیشانی پیشەیی)، بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی پێویستە پشت ببەسترێت بە پێوەرەکانی پلادانان( ژمارەی خوێندکاران، پێویستی ڕاستەقینەی قوتابخانەکان بۆ هێزی کار، ڕەهەندی جوگرافی).

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی جیاوازی قەبارە و دابەشبوون و گۆڕانی گەشەی هێزی کاری کەرتی پەروەردەیە لە سنوری کارگێڕی قەزای کەلار، و دیاریکردنی ئەو فاکتەرە دیموگرافی و ئابوری و کارگێڕیانەی هۆکارن لەم دابەشبوونە و خستنەڕووی پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ باشترکردنی پلانی پەروەردەیی بۆ دابەشبوونێکی گونجاو بۆ خزمەتکردنی کوالێتی پەروەردە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانســتی میتۆدی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش پشــتی بە میتۆدی وەســفی و شــیکاری بەســتووە بۆ لێکۆڵینەوەو شـیکردنەوەی قەبارە و گەشـەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە وە دابەشـبوونی جوگرافیان بە پێی یەکەکارگێرییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە، لەگەڵ شیکردنەوەی هۆکارەنی جیاوازی لە دابەشبوونیان، بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکە پشتمان بەستووە بە داتای فەرمی ساڵانی (2015-2020-2024) لە بەشـــی ئاماری بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار و بەڕێوەبەرایەتی گشــتی پەروەردەی ئیدارەی گەرمیان، هەروەها پشــت بەســتن بە بەرنامەی(SPSS) و(ARCGIS.10.8) بۆ شــیکاری و کێشــانی نەخشــە و دیاردە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها بە سوود وەرگرتن لە لێکۆلینەوەکانی پێشوو لە بواری هێزی کار.

## پلانی لێکۆلینەوەکە:

پەیکەری لێکۆلینەوەکەمان دابەشـکردووە بەسـەر دوو تەوەردا:- **تەوەری یەکەم**- باس لە قەبارەی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار دەکات، **تەوەری دووەم**- باس لە دابەشبوونی جوگرافی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە دەکات.


## شوێن و پێگەی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

قەزای کەلار هەروەکو لە خشتەی (1) دەردەکەوێت، دەکەوێتە باشوری هەرێمی کوردستان و بەشی باشوری پارێزگاری سلێمانی، لە ڕووی کارگێرییەوە سەر بەئیدارەی گەرمیانە و دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئیدارەی گەرمیان. لەگەڵ (5) قەزا هاو سنورە، قە زای قە رە داغ دە کە ویتە بە شــی با کورییەوە، قە زای چە مچە مال دە کە ویتە بە شــی باکوری روژئاوایی، قە زای دەربە ندیخان دەکە وێتە بە شی باکوری روژهەڵاتی، لە ڕۆژهەڵات و باشورییەوە قەزای خانەقینی سەربە پارێزگای دیالەیە، قە زای کفری بە شی روژئاوای قە زاکەی پیکهێناوە. رووباری سیروان بە دریژای (69) کم) سنوری روژهەڵاتی پیك دە هینێت (محمود، 2023، لاپەڕە 148)

قەزای کەلار لە ڕووی ئەســترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی(55" 32' 34°) و (19" 09' 35°) باکورو نێوان دوو هێڵی درێژی(55" 06' 45°) و (34" 36' 45°)ی ڕۆژهەڵات، لە ســاڵی (2024) ڕووبەری گشــتی قەزاکە دەگاتە (1695کم$^2$) ، ناحیەی رزگاری بە ڕووبەری (529کم$^2$) و گەورەترین ڕووبەری قەزاکە پێک دێنێت پاشـــان هەریەکە لە ناحیەکانی شـــێخ تەویل و پێباز دێن بە ڕووبەری (497کم$^2$) و (349کم$^2$) وە ناوەندی قەزای کەلار کەمترین ڕووبەری قەزاکە پێکدێنێت کە دەگاتە (323کم$^2$)، ڕووبەری ئیدارەی گشــتی گەرمیان دەگاتە (6716.3کم$^2$) لە کۆی گشــتی ئەم ڕووبەرە ناوچەی لێکۆڵینەوە (25.2%) پێک دەهێنێت. (زەنگەنە و محمد، 2023، لاپەڕە 35)

نەخشەی (1)

شوێنی جوگرافی قەزای کەلار بە پێی نەخشەی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی (2024)




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشــت بەســت بە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردســتان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕیوبەرایەتی ئاماری ســلێمانی، ( زانیاری بڵاونەکراوە)، نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و قەزای کەلار، بەشی GIS، 2024.

2-هاشم یاسین حمد امین حداد، ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق- عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، ل20.

## تەوەری یەکەم/ قەبارە و گەشەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار:

قەبارەی دانیشتوان بە ژمارەی تاکەکان لە شوێنێکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا پێناسە دەکرێت، ئەم قەبارەیە وەبەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان دیاری دەکات و کاریگەری لەسەر ئابوری دەوڵەت و هێزو کاریگەرییە هەرێمیەکەی هەیە (الحسناوي، 2024 صفحة 63)، لێکۆڵینەوە لە هێزی کار لە هەر کۆمەڵگەیەک گرنگیەکی زۆری هەیە بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نزیکی لەگەڵ پرۆسەکانی بەرهەمهێنان، ئەم پەیوەندیانە لایەنێکی چەندایەتیان هەیە کە بە قەبارەی هێزی کار نوێنەرایەتی دەکرێت، و لایەنێکی چۆنایەتیشیان هەیە کە پەیوەستە بە تێکڕای بەرهەمهێنانی تاکەوە هەیە (العيداني، 2023، الصفحات 35-36).

چەمکی هێزی کار یەکێکە لە چەمکە گرنگەکان لە توێژینەوەکانی دانیشتوواندا، گوزارشت لە توێژێکی دانیشتووان دەکات کە ئەرکی بەرپرسیارێتی بنیاتنانی کۆمەڵگا و شارستانیەت و گەشەسەندنی هەموو بوارەکانی چالاکیی ئابووری لە ئەستۆ دەگرێت و کاریگەری لەسەر ژیانی دانیشتووان و بەرهەمەکانیان هەیە، هەروەها هێزی کار کاریگەر دەبێت بە (مردن و منداڵبوون و هاوسەرگیری، جیابوونەوە و کۆچی دانیشتووان) (البركات، 2021، صفحة 65)، بۆیە قەبارەی هێزی کار لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا نیشاندەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ تواناکانی ئابووری و بەرهەمهێنان و هێزی بزوێنەری. گەشەی دانیشتووان بە یەکێک لە دیاردە جوگرافیە گرنگە دادەنرێت کە جوگرافیناسی مرۆیی بە تایبەت جوگرافیای دانیشتووان بایەخی زۆری پێ دەدەن ئەمەش کار دەکاتە سەر چالاکییە مرۆییەکانی دانیشتووان، کە پێویستە لە هەر توێژینەوەیەکی دانیشتووان لەبەر چاو بگیرێت، چونکە کۆمەڵگەی دانیشتووان تایبەتمەندییەکی دینامیکی هەیە بە هۆی ئەو جموجوڵە بەردەوامانەی لە ئەنجامی زیادبوون و کەمبوونی ژمارەی دانیشتووانەوە ڕوودەدات (احمد و ئەوانیتر، 2022، لاپەڕە 111)

قەبارەی دانیشتوانی قەزای کەلار زۆر زیادیکردووە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ژمارەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانیش دیسان زیادیکردووە بەڵام هێشتا ئەو خزمەتگوزاریانە لە ئاستی پێداویستی دانیشتوانەکەی نییە و تارادەیەک سنوردارە، ئەم زیادبوونەی ژمارەی دانیشتوان پێویستی بە دامەزراندنی خزمەتگوزارییە فێرکاری زیاتر هەیە، ئەم هۆکارە وایکردووە بەهۆی نەبوونی خوێندنگەی پێویست لە زۆربەی خوێندنگەکان دوو دەوامی و سێ دەوامی دەکەن، ئەوەش پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتری مامۆستا هەیە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی میلاکاتی خوێندنگەکان.

## تەوەرەی یەکەم: قەبارە و گەشەی هێزی کار:

### 1.1 لە سەر ئاستی یەکەکارگێڕییەکان/ قەزای کەلار:

ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار لە ساڵی خوێندنی (2015) دەگاتە( 4981) هێزی کار، ئەگەر سەرنج لە خشتەی (1) بدەین، ڕێژەی هێزی کار لە ساڵی خوێندنی(2020) زیادیکردووە بۆ (5248) هێزی کار، ڕێژەی گەشەی هێزی کار لە ماوەی نێوان ساڵانی (2015-2020) دەگاتە لە (1.1%)، بەڵام لە ساڵی (2024) ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە سەر ئاستی قەزای کەلار زیادیکردووە بۆ (6310) هێزی کار، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە ماوەی ساڵانی (2020-2024) بەراورد بە ماوەی پێشوو زیادیکردووە بۆ زیاتر لە سێ هێندە (4.7%) لەسەر ئاستی قەزاکە، هۆکاری ئەم زیادبوونەی گەشەی هێزی کار لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان، لە ئەنجامدا پێویستی بە ستافی زیاتری مۆستایان دەبێت، وە دامەزراندنی ژمارەیەک لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان لە پسپۆری جیاواز بە شێوەی هەمیشەیی و گرێبەست، بەتایبەتی دوابە دوای پەتای کۆرۆنا، بەڕیوەبەرایەتی پەروەردە کاریکردووە بۆ کەمکردنەوەی چری قوتابیان لە پۆلەکاندا، ئەمەش پێویستی بە زیادکردنی ژمارەی پۆلەکان و لە ئەنجامدا ژمارەی مامۆستایان هەبوو، بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی هێزی کاری پێویست لە دامەزراوە فێرکارییەکان کە بریتین لە (باخچەکانی ساوایان، قوتابخانە بنەڕەتییەکان، خوێندنگە ئامادەییەکان، قوتابخانەکانی خوێندنی خێراو نەهێشتنی نەخوێندەواری) لەکەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار.

### 1.2 لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان/ ناحیەکان:

لە ناوەندی قەزای کەلار لە ساڵی (2015) ژمارەی هێزی کار گەیشتووە بە (3222) دەستی کار، لەکاتێکدا لە ساڵی (2020) ژمارەکە زیادیکردوە بۆ(3320) دەستی کار، لە ماوەی نێوان ساڵانی (2015-2020) ڕێژەی گەشەی هێزی کار لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی ناوەندی قەزای کەلار گەیشتووە بە (0.0.1%)، زیادبوونی ڕیژەی هێزی کار لە ناوەندی قەزاکە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوە فێرکارییەکان لەناوەندی قەزاکە ئەمەش پێویستی بە ژمارەیەکی هێزی کاری پەروەردەیی زیاتر دەبێت، هەر بۆیە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزا هەندێک قوتابخانە و خوێندنگەی نوێی لە هەمان بینای قوتابخانە و خوێندنگەکان کردۆتەوە بە شێوەی دوو دەوامی و سێ دەوامی لە بەر نەبوونی خوێندنگەی پێوست، وە دامەزراندنی ژمارەیەک لە مامۆستایان لەو ماوەیەدا بە شێوەی وانە بێژی و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ئەو دامەزراوە پەروەردەییانە بە هێزی کاری نوێ.

ژمارەی هێزی کار لە ناوەندی قەزای کەلار لە ساڵی (2024) زیادیکردوە لە (3320) بۆ (4192) هێزی کار، لە ماوەی ساڵانی (2020-2024) ڕێژەی گەشەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە دەگاتە لە (6%) بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی هێزی کار لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار بە هۆی کۆچکردن لە ناوچەکانی دەوروبەری قەزاکە بۆ ناو شاری کەلار، ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ژمارەی قوتابیان و زیادبوونی ژمارەیان لە هۆبەکانی خوێندن، هەر بۆیە چەندین قوتابخانەی نوێ لە هەمان بینای دامەزراوە

فێرکارییەکان کراوەتەوە، بۆ کەمکردنەوەی فشـــاری زۆری ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە دامەزراوە فێرکارییەکان لە ناوەندی قەزاکە، دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان بە شێوەی وانە بێژی و گرێبەست و هەمیشـەیی لە دامەزراوە فێرکارییەکان (صالح، 2025).

بەڵام سـەبارەت بە هێزی کار لە ناحیەی رزگاری ســاڵی (2015) ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە و ناحیەدا گەیشـتە (1167) هێزی کار، ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە، لە سـاڵی (2020) تا (1180) هێزی کار، ڕێژەی گەشــەی ســاڵانەی هێزی کار لە ماوەی ســاڵانی (2020-2015) گەیشتە لە (0.2%)، لە کاتێکدا لە ساڵی (2024) ژمارەی هێزی کار زیاد دەکات لە ناحیەکەدا بۆ(1411) هێزی کار، ڕێژەی گەشـەی سـاڵانەی هێزی کار لە ماوەی سـاڵانی (2020-2024) بەرزدەبێتەوە بۆ(4.6%)، هۆکاری بەرزبوونەوەی ئەم ژمارەی هێزی کار دەگەڕێتەوە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی ڕزگاری و بە هۆکاری کۆچکردن لە ناوچەکانی دەوروبەرییەوە بۆ ناو ناحیەی ڕزگاری بە هۆی بوونی هەلی کار و زۆری ژمارەی گوندەکانی ناحیەکە دەگاتە (45) گوند و زۆربەی گوندەکانیش قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە ئەمەش پێویستی بە ژمارەییەکی زۆری مامۆستا هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی قوتابخانەکانی ناحیەکە هەر بۆیە لە دوای ساڵی (2020) ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان لە پسـپۆری جیاواز بە شـێوازی گرێبەســت بە پیشــەیی مامۆســتایی دامەزراون بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتی ژمارەی هێزی کار لە دامەزراوە فێرکارییەکانی ناحیەکە (صالح، 2025).

بەڵام لە ســاڵی (2015) ژمارەی هێزی کار لە ناحیەی پێباز گەیشــتە لە (444) هێزی کار، لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ لە سـاڵی (2020) بۆ (577) هێزی کار، لە ماوەی نێوان سـاڵانی (2015-2020) ڕێژەی گەشـەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە ناحیەکەدا گەیشــتە لە (5.4%)، هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی هێزی کار لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی ناحیەکە دیســان بۆ دامەزراندنی ژمارەیەک لە دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان دەگەڕێتەوە بە شێوازی وانە بێژی لە دامەزراوە پەروەردەییەکان، لە کاتێکدا لە ساڵی (2024) ژمارەی هێزی کار کەمیکردوە بۆ(432) هێزی کار ، بەڵام لە ماوەی نێوان ســـاڵانی (2020-2024) ڕێژەی گەشــــەی هێزی کار دادەبەزێت بۆ (7-%)، هۆکاری کەمبوونەوەی ئەم ژمارەی هێزی کار دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

أ- بە هۆی پشتگوێخستنی گیروگرفتەکانی مامۆستایان لە لایەن حکومەتەوە بەشێک لەو مامۆستایانەی بە شێوازی وانە بێژ دامەزرابوون لەپیشەکەیان دوور کەوتنەوە بە هۆی دواکەوتنی مووچەکانیان و بەرزی تێچووی هاتووچۆ.

ب-بەشــێک لە گەنجانی دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان بە هۆی هەبوونی هەلی کاری نوێ بەمووچەیەکی باشــتر لە ڕیکخراوەکان و کەرتی تایبەت لە پیشەی مامۆستایی دوور دەکەونەوە.

ج-خانەنشین بوونی ژمارەیەک مامۆستا بە هۆی تەمەنی یاسایی خانەنشین بوونیانەوە، هەروەها دانەمەزراندنی مامۆستا بۆ پڕکردنەوەی جێگەکانیان.

د-بە هۆی نەبوونی هەلی کار لە ناحیەی پێباز ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناحیەکە و ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان کۆچیانکردووە بۆ شاری کەلار بە هۆی دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ مامۆستایان لە ناوەندی قەزای کەلا.

ه-زۆربەی مامۆسـتایانی ناحیەکە بە تایبەتی گوندەکان خەڵکی شـاری کەلارن بە ئۆتومبێل هاتووچۆ دەکەن لە نێوان قوتابخانە و شـوێنی نیشـتەجێبوونیان، زۆربەی گوندەکانی ناحیەکە دوورن لە سـەنتەری شـارسـتانی، هەر بۆیە مامۆسـتایان کەمتر حەز لە دامەزراندن دەکەن لە گوندەکانی ناحیەکە (صالح، 2025).

بەڵام لە ناحیەی شــێخ تەویل لە ســـاڵی (2015) ژمارەی هێزی کار گەیشـــتە لە (148) هێزی کار لە کەرتی پەروەردە ئەم ژمارەیە زیادیکردوە لە ساڵی (2020) بۆ (171) هێزی کار، لە ماوەی ساڵانی (2015-2020) ڕێژەی گەشەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە گەیشتە لە (2.9%)، لە کاتێکدا لە ســـاڵی (2024) ئەم ژمارەیە جارێکی تر زیادیکردوە بۆ (275) هێزی کار، لە ماوەی ســـاڵانی (2020-2024) ڕێژەی گەشــــەی هێزی کار دەگاتە لە (12.6%)، هۆکاری زیادبوونی بەردەوامی ڕێژەی گەشـــەی هێزی کار لە ناحیەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناحیەی شێخ تەویل لە ساڵی (2005) کرا بە ناوەندی ناحیە، چەند قوتابخانەیەک لە سنوری گوندەکانی ناحیەی شێخ تەویل کراوەتەوە کە ژمارەیان دەگاتە (17) قوتابخانەی بنەڕەتی و (1) خوێندنگەی ئامادەیی، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە مامۆســـتای پێویســـت بۆ ئەو قوتابخانە و خوێندنگەیانە دابینکراوە. بۆ زانینی ئاسـتی زیادبوونی ڕێژەی گەشـەی هێزی کار لەسـەر ئاسـتی یەکە کارگێرییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بڕوانە شێوەی (1).

سـەبارەت بە تێکرأی گەشـەی هێزی کار لە ماوەی سـاڵانی (2015-2024) لە سـەر ئاسـتی قەزای کەلار لە سـاڵی (2015) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار دەگاتە(4981) هێزی کار، بەڵام ئەو ژمارەیە زیاد دەکات لە سـاڵی (2024) بۆ (6310) هێزی کار، تێکرای ڕێژەی گەشـەی هێزی کار لە ماوەی نێوان سـاڵانی (2015-2024) دەگاتە(2.7%)، هۆکاری زیادبوونی هێزی کار دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

أ- قەزای کەلار گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی هاتنی خەڵکی ئاوارەیەکی زۆر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە کاتی هاتنی گروپی تیرۆرستی (داعش).

ب- بە هۆی خراپی دۆخی ئەمنیەوە، ئەمەش فشارێکی زۆری خستۆتە سەر قوتابخانەکان و پێویستی بە مامۆستای نوێ زیاد کردووە.

ت- وە زیادبوونی ژمارەی منداڵانی تەمەنی خوێندن، لە ساڵی (2015)ەوە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و فراوانکردنی قوتابخانەکانی ئێستا، لەم ماوەیەدا پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان لە قەزای کەلار ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە پێگەیاندنی مامۆستایان، ژمارەیەکی زۆر لەو دەرچوانە لە قەزای کەلار دامەزران بۆ دابینکردنی پێویستی قوتابخانەکان لە کەموکوڕی هێزی کاری پەروەردەیی.

ث- دۆخی سەقامگیری ناوچەکە بەراورد بەناوچەکانی تر.

ج- پەرەپێدانی پرۆژەخزمەتگوزارییەکان، وەک کارەبا و ئاو، پارمەتیدەر بووە لە باشترکردنی ژینگەی کارکردن لە ناو قوتابخانەکاندا. ژمارەی مامۆستایانی ڕەگەزی مێ بەراورد بە مامۆستایانی نێر لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان زیادیکردووە، ئەمەش بەهۆی ئارەزووی ڕەگەزی مێ بۆ کاری وانەوتنەوە.

دەتوانین بڵێین ڕێژەی بەرزبوونەوەی گەشەی هێزی کاری پەروەردەیی لە قەزای کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (2024-2015) دەرئەنجامی فاکتەرە دیموگرافی و ئابووری و پەروەردەیی و سیاسیەکانە. ئەمەش بووەتە هۆی گەشەسەندنی کەرتی پەروەردەی قەزاکە و باشترکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران. بۆ زانینی ئاستی گۆڕانکارییەکانی هێزی کاری پەروەردەیی بڕوانە خشتەی (1).

**خشتەی (1)**

**قەبارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە و تێکڕای گەشەیان بە پێی یەکە کارگێرییەکانی قەزای کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (2015-2020-2024)**

| یەکەی کارگێری | ئاماژەکانی دانیشتوان | 2015 | 2020 | 2024 |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزای کەلار | ژمارەی هێزی کار | 3222 | 3320 | 4192 |
| | تێکڕای گەشەی ساڵانە | | 0.6 | 6 |
| ناحیەی ڕزگاری | ژمارەی هێزی کار | 1167 | 1180 | 1411 |
| | تێکڕای گەشەی ساڵانە | | 0.2 | 4.6 |
| ناحیەی پیباز | ژمارەی هێزی کار | 444 | 577 | 432 |
| | تێکڕای گەشەی ساڵانە | | 5.4 | -7 |
| ناحیەی شێخ تەویل | ژمارەی هێزی کار | 148 | 171 | 275 |
| | تێکڕای گەشەی ساڵانە | | 2.9 | 12.6 |
| قەزا | ژمارەی هێزی کار | 4981 | 5248 | 6310 |
| | تێکڕای گەشەی ساڵانە | | 1.1 | 4.7 |

| تێکڕای گەشەی هێزی کار لە ماوەی نێوان ساڵانی (2024-2015) | | |
|---|---|---|
| ژمارەی هێزی کار | 2015 | 2024 |
| | 4981 | 6310 |
| تێکڕای گەشەی ساڵانە | | 2.7 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:


1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ئیدارەی گەرمیان، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار، بەشی پلانی پەروەردەیی، بەشی ئامار، (داتای بڵاونەکراوە)، لە ساڵانی(2024-2020-2015).
2. بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار، هۆبەی پلانی پەروەردەیی( E-parwarda)، (داتای بڵاونەکراوە)، لە ساڵی (2024).
3. بۆ دەرهێنانی ڕێژەی گەشەی هێزی کار پشت بەستراوە بەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$r=\left(t\sqrt{\frac{p1}{p0}}\times 100\right)$$

r= تێکڕای گەشەی ساڵانە، p1= ژمارەی دانیشتوان لە کۆتا سەرژمێری ، P0= ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری پێشوو، t= ژمارەی ساڵەکانی نێوان دوو سەرژمێری (الحدیثي، 2000، صفحة 291)

**شێوەی (1)**

**تێکرای ڕێژەی گەشەی هێزی کاری پەروەردە لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کەلار لە ساڵانی (2015-2020-2024)**




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (1).

## تەوەری دووەم/ دابەشبوونی جوگرافی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار:

ئەو ڕاستیانەی پەیوەستن بە دابەشبوونی دانیشتوان لە ووردترین ڕاستییە دیموگرافیەکانە کاتێک زانیاری دیموگرافی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە لەبەردەستدا بێت (الوائلي، 2020، صفحة 30).گومانی تێدا نییە لێکۆلینەوە لە دابەشبوونی دانیشتوان و گۆڕانکارییەکانی لە ناوچەیەکدا گرنگیەکی زۆری هەیە لە لێکۆلینەوە جوگرافیەکاندا بە تایبەتی لە جوگرافیای دانیشتوان، چونکە دەوازەیەکە کە لەڕێگەیەوە شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان دەبینین (الزيادي، 2018، صفحة 244).

### 1. دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار بە پێی ڕیزبەندییان بۆ ساڵانی خوێندنی (2024-2025):

مەبەست لە دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی بریتییە لە دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر ئەو ڕووبەرە زەویەی لەسەر دەژین (سعدي، 2019، صفحة 19)، یان بریتییە لە دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان لە ناوچەو هەرێمە جیاوازەکان، یان ناوچەیەکی دیاریکراو لە ماوەو کاتێکی دیاریکراودا، دابەشبوونی ڕێژەیی یەکێکە لە گونجاوترین ئامرازەکان بۆ دەرخستنی بە های ڕێژەیی دانیشتوانی هەریەکەیەکی کارگێری (قەزا یان ناحیە)، لەبەرئەوە گرنگی لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان پەیوەستە بە زانینی ڕادەی گردبوونەوە یان پەرشوبڵاوی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا (السعيدی، 2024، صفحة 451)، واتای ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا دەرخستنی قەبارەو چەندێتی دانیشتوانە و خاڵی دەستپێکردنی پۆلێنکردنی ناوچەکان و دیاریکردنی ئاست و پلەکانیانە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە ئەم قەبارەیە چی پێکدەهێنێت لە کۆی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکە (ناصر، 2005، صفحة 239). شایەنی باسە دابەشبوونی ڕێژەیی لە لێکۆڵینەوە جوگرافیەکاندا بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەکانی دانیشتواندا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بۆ بەراوردکردن لە نێوان دیاردە جیاوازەکان (الزيادي، 2018، صفحة 244).

ئەگەر سەرنجی خشتەی (2) بدەین جیاوازییەکی زۆر لە دابەشبوونی هێزی کاردا هەیە بە پێی یەکە کارگێرییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بێگومان ئەو جیاوازیەش لە ئەنجامی جیاوازی لە دابەشبوونی ڕێژەیی دانیشتوانی یەکەکارگێرییەکانەوە دروستبووە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر جیاوازی لە دابەشبوونی ژمارەیی هێزی کار لە پەروەردە بەپێی یەکەکارگێرییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەگەر سەرنج بدەین کۆی گشتی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لە ساڵی (2015) بریتی بووە لە (4981) هێزی کار، بەڵام ئەو ژمارەیە زیادیکردووە لە ساڵی (2020) بۆ (5248) هێزی کار، دیسان ئەو ژمارەیە هەر بەردەوام بووە لە زیادبوون لە ساڵی (2024) دەگاتە (6310) هێزی کاری پەروەردەیی، هۆکاری ئەو زیادبوونە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:

أ- گەشەکردنی دانیشتوانی ناوچەکە، بە تایبەتی هاتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئاوارەی ناوچەکانی دیالە بە هۆی خراپی دۆخی ئەمنی لە ڕابردودا بە هۆی هاتنی (داعش)، ئەمەش بووە هۆی فشارێکی زۆر لەسەر قوتابخانەکان و زیادبوونی مامۆستای نوێی پێویست.

ب- زیادبوونی منداڵانی تەمەنی خوێندن، زۆر بوونی ژمارەی دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەو پەیمانگەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان، بەتایبەتی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کەلار هۆکارێک بووە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان، وە دامەزراندنیان وەکو مامۆستا لە قۆناغی بنەڕەتی.

ت- کردنەوەی قوتابخانەی نوێ بەتایبەتی بنەڕەتی لە گەڕەکە نوێیەکانی نیشتەجێبوون لە ناو قەزاکە، بەمەش ژمارەی قوتابیان زیاد دەکات، ئەوەش پێویستی بەدامەزراندنی مامۆستای نوێ هەبوو بە شێوەی هەمیشەیی یان گرێبەست، وە هەندێک لە قوتابخانەکان

سیستەمی "بەیانیان و پاشنیوەڕۆ" کاردەکەن بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر قوتابخانەکان، هەر بۆیە پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتری هێزی کاردەبێت بۆ پرکردنەوەی پێداویستی ئەو دامەزراوە فێرکاریانە.

بەڵام **لەســەر ئاســتی یەکەکانی کارگێڕی (ناحیەکان)**، ئەگەر ســەرنج بدەین **ناوەندی قەزای کەلار** بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە بە ریزبەندی یەکەم دێت کە زۆرترین هێزی کاری پەروەردەیی تێدا کۆبووەتەوە لە ساڵی (2015) ژمارەی هێزی کاری کەرتی پەروەردە بریتی بووە لە (3222) هێزی کار کە بەڕێژەی لە (64.6%) هێزی کاری کەرتی پەروەردەی پێکهێناوە، ئەو ژمارەیە لە ساڵی (2020) زیاد دەکات بۆ (3320) هێزی کار کە بە ڕێژەی لە (63.2%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردەی پێکهێناوە، ئەو ژمارەیە بەردەوام بووە لە زیادبوون لە ســاڵی (2024) ژمارییان دەگاتە(4192) هێزی کار ،کە ڕێژەی (66.4%) هێزی کاری کەرتی پەروەردە پێکدەهێنێت، هۆکاری زیادبوونی هێزی کاری پەروەردەیی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک ناوەندی قەزا ژمارەیەکی زیاتر لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی لە خۆدەگرێت بەراورد بە ناحیەکانی دیکەی قەزاکە، ئەمەش پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتر لە هێزی کاری پەروەردەیی هەیە، بەشێکی زۆری مامۆستایان پێیان باشە دابنرێن یان بگوازرێنەوە بۆ ناوەندی قەزا چونکە: نزیکترە لە ناوچەی نیشتەجێبوونیان ، هەروەها ناوەندی قەزا خزمەتگوزاری و ژێرخانی پەروەردەیی و کارگێڕی باشتر پێشــکەش دەکات، ئەو هۆکارانە وایکردووە ناوچەکە ببێتە شــوێنی ڕاکێشــانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە ناوچەکانی دەوروبەری قەزاکە.

لە کاتێکدا **ناحیەی ڕزگاری** بە ریزبەندی دووەم دێت لە ڕووی ژمارەو ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی لە ساڵی (2015) ژمارەی هێزی کاری پەروەردە بریتی بووە لە(1167) هێزی کار کە بە ڕێژەی لە (23.4%) هێزی کاری پەروەردەیی پێکهێناوە، ئەو ژمارەیە لە ســاڵی (2020) زیادیکردووە بۆ (1180) هێزی کار کە بە ڕێژەی لە (22.5%) هێزی کاری پەروەردەیی پێکهێناوە، بەڵام لە ســاڵی (2024) ئەو ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (1411) هێزی کار کە بە ڕێژەکەی لە (22.4%) هێزی کاری پەروەردەیی قەزاکە پێکدەهێنێت، ئاشــکرایە زۆری ژمارەیی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناحیەکە دیســان دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشــتوانی ناحیەکە لە ئەنجامی پرۆســەی ڕوخاندنی گوندەکانی ناحیەی گەرمیانەوە دروست بووە لەســەردەمی ڕژێمی بەعس کە زۆرینەی دانیشتوانی گوندەکانی تێدا نیشتەجێکران، ســەرباری ئەوەش ناحیەکە لە ڕووی ئاستی خزمەتگوزاری و کارگێڕیەوە لەپێشترە بەراورد ناحیەکانی دیکە ئەوەش وایکردووە ببێتە شوێنی ڕاکێشانی دانیشــتوان، هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوەی فێرکاری لە ناحیەکە هەموو ئەوانە هۆکارێکن بۆ زیادبوونی ژمارەی هێزی کاری پەروەردەیی.

بەڵام **ناحیەی پێباز** بە پلەی ســێیەم دێت لە ڕووی ژمارە و ڕێژەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردەیی لە ســاڵی (2015) ژمارەی هێزی کار بریتی بووە لە (444) هێزی کار کە ڕێژەی لە (9%) هێزی کاری کەرتی پەروەردەی پێکهێناوە، بەڵام ئەو ژمارەیە لە ســاڵی (2020) زیاد دەکات بۆ (577) هێزی کار کە ڕێژەی لە (11%) هێزی کاری پەروەردەیی پێکهێناوە، ئەو ژمارەیە زیاد دەکات لە ســاڵی (2024) دەگاتە (432) هێزی کار ئەو ڕێژەیە لە (6.8%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە پێکدەهێنێت، کەمبوونەوەی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناحیەکە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

أ- کۆچکردنی دانیشتوانی ناحیەکە بۆ ناوەندی قەزای کەلار بەهۆی نەبوونی هەلی کار، ئەو هۆکارەش کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابیان و هێزی کاری پەروەردەیی هەبووە.

ب- هەروەها دروســتکردنی خانووی نیشــتەجێبوونی مامۆســتایان بەناوی (گوندی مامۆســتایان) لە ناوەندی قەزای کەلار و گونجاوی نرخەکەنیان هۆکارێکی تربووە کە بەشــێکی زۆری مامۆســتایانی ناحیەی پێباز بە خێزانەوە شــوێنی نیشــتەجێبوونیان بگۆڕن یان بۆ گواستنەوە بکەن بۆ دامەزراوە فێرکارییەکانی ناوەندی قەزای کەلار (صاڵح، 2025).

ســەبارەت بە **ناحیەی شــێخ تەویل** بە پلەی چوارەم دێت لە ڕووی ژمارەی هێزی کاری پەروەردەیی لە ســاڵی (2015) ژمارەی هێزی کار بریتی بووە لە (148) هێزی کار کە بەڕێژەی لە (3%) هێزی کاری کەرتی پەروەردە پێکدەهێناوە، ئەو ژمارەیە زیادیکردووە لە ســاڵی (2020) بۆ (171) هێزی کار کە ڕێژەی لە (3.3%) هێزی کاری لە کەرتی پەروەردە پێکهێناوە، لەکاتێکدا ئەو ژمارەیە لە ســاڵی (2024) دەگاتە (275) هێزی کار کە ڕێژەی لە(4.4%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لەســەر ئاســتی قەزا پێکدەهێنێت. هۆکاری کەمی ژمارەی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناحیەکە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

أ- کەمی ژمارەی قوتابیان ئەوەش بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشــتوانی ناحیەکە بەراورد بە ناحیەکانی تر، چونکە ناحیەکە دەکەوێتە ناوچەیەکی جوگرافی تارادەیەک دوور لە ناوەندی قەزاکە.

ب- خراپی ڕیگاوبانی ناوچەکە، وایکردووە کە ڕۆژانە مامۆســتایان بە ئاســتەم بگەنە قوتابخانەکانی ناحیەکە، ئەو هۆکارەش بەر بەســتێکی گەورەی دروســتکردووە کە مامۆســتایان ئارەزووی دامەزراندن یان بەردەوامبوون نەکەن لە دامەزراوە فێرکارییەکانی ناحیەکە.

ت- مامۆســتایان پێیان باشــە لە دوای دەســت بەکاربوون داوای گواســتنەوە بکەن بۆ ناوەندی قەزای کەلار، چونکە بەشــێکی زۆری مامۆســتایانی ناحیەکە نیشــتەجێی ناحیەکەنین بەڵکو نیشــتەجێی ناوەندی قەزای کەلارن ڕۆژانە هاتوو دەکەن بە ئۆتۆمێلی تایبەتی خۆیان یاخود بە ئۆتۆمبێلی کرێ (پاص) لەسەر ئەرکی خۆیان ئەمەش بارگرانیەکی ئابووری زۆر دروستدەکات لەسەر مامۆستایان (صاڵح، 2025).

خشتەی (2)

دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی هێزی کار لە لەسەر یەکەکارگێرییەکانی قەزای کەلار بۆ ساڵی (2024)

| یەکەی کارگێری | 2015 | % | 2020 | % | 2024 | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 3222 | 64.6 | 3320 | 63.2 | 4192 | 66.4 | 1 |
| ناحیەی رزگاری | 1167 | 23.4 | 1180 | 22.5 | 1411 | 22.4 | 2 |
| ناحیەی پێباز | 444 | 9 | 577 | 11 | 432 | 6.8 | 3 |
| ناحیەی شێخ تەویل | 148 | 3 | 171 | 3.3 | 275 | 4.4 | 4 |
| کۆی قەزا | 4981 | 100 | 5248 | 100 | 6310 | 100 | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەست بە:- بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار، هۆبەی پلان/ (E.parwarda)، (داتای بڵاونەکراوە)، لە ساڵی (2024).

## 2. دابەشبونی ژینگەیی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە بە پێی یەکە کارگێرییەکانی قەزای کەلار:

دابەشـــبوونی ژینگەیی دانیشـــتوان واتە پرۆســـەی دابەشـــبوونی دانیشـــتوانە لەســـەر بنەمای شـــار و گوندەکان، بەو پێیەی لە هەموو توێژینەوەکانی دانیشـــتواندا گرنگییەکی زۆری هەیە، بە ئاوێنەیەک دادەنرێت کە ڕەنگدانەوەی هەموو توخمەکانی جوگرافیای ســـروشـــتی و مرۆیی پێکەوە کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن، وەک چۆن هەموو داتاکانی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لێیەوە دروست دەبن، جگە لە هەموو ئەو ڕاستیانەی پەیوەستن بە جۆرەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوان و فۆرمەکانی نیشتەجێبوون و چۆنیەتی دابەشبوونی، ئەم پۆلینکردنە تایبەتمەندە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان بۆ نیشاندانی پەیوەندی ئاڵۆگۆری نێوان مرۆڤەکان و ئەو خاکەی کە لەسەری دەژین (طالب و ئاکرەیی، 2012، صـفحة 64). گرنگی دابەشـبوونی ژینگەیی زانینی سـروشـتی ئەو کۆمەڵگەیە کە لێکۆڵینەوەی لەسـەر دەکرێت، وێنەیەکی ڕوونمان پێدەدات کە ئایا کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە شـــارنشـــینن یان گوندنشـــین ئەوەش لەڕێگەی ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە ناوچەی لێکۆڵینەوە (عزیز، 2019، صفحة 211).

**لە ســـەر ئاســـتی قەزای کەلار** جیاوازیەکی ڕوون دەبینین لە دابەشـــبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی ژینگە لە سـالّی (2024)، وەک لە خشـتەی (3) دیارە، هێزی کاری کەرتی پەروەردە لە سـنوری شـارنشـینی قەزای کەلار دەگاتە (5041) هێزی کار کە بەرێژەی (79.9%) لە کۆی هێزی کاری پەروەردەیی قەزاکە لە خۆدەگرێت، بەڵام لە ناوچە گوندنشـــینەکاندا ژمارەی هێزی کار دەگاتە (1269) هێزی کار کە بە ڕێژەی لە (20.1%) هێزی کاری کەرتی پەروەردە پێک دەهێنن، هۆکاری نایەکسـانی لە دابەشـبوونی هێزی کار لە سـەرئاسـتی (شـارنشـینی -گوندنشـینی)دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە سـنوری شـــارنشـــینی قەزاکە ،کە ژمارەیان دەگاتە (92) خزمەتگوزاری فێرکاری، چونکە ناوچەکە چڕی دانیشـــتوانی زۆرە و خزمەتگوزاری فێرکارییەکانیش زۆرو جۆرا و جۆرن، لەبەرامبەردا لە ناوچەگوندنشـــیەکان بە هۆی کەمی چڕی دانیشـــتوان پێویســـتی بۆ هێزی کاری پەروەردەیی و خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان کەمترە.

**لەسـەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان (ناحیەکان)** لە سنوری شارنشینی(الحضر) لە ناوەندی قەزای کەلار زۆرترین ژمارەی هێزی کاری تێدا کۆبووەتەوە کە دەگاتە ( 3673) هێزی کار،کە بە ڕێژەی لە (88.1%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە خۆ دەگرێت، بەڵام لە ســـنوری گوندنشینی (الریف)دا لە ناوەندی قەزای کەلار ژمارەی هێزی کار پەروەردەیی دەگاتە (494) هێزی کار، کە بە ڕێژەی لە (11.9%) هێزی کاری پەروەردەیی ناوەندی قەزاکە لە خۆدەگرێت، هۆکاری زۆری جیاوازی ڕێژەی هێزی کار لە نێوان سـنوری شـارنشـینی و گوندنشـینی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشـــتوان و بەرزی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری دانیشـــتوان لەشـــاردا لە لایەک، و زۆری ژمارەی دامەزراوە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەشاردا بەراورد بە گوندەکان لە لایەکی ترەوە.

لە سنوری شارنشینی ناحیەی رزگاری ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە دەگاتە (1143) هێزی کار، کە بە ڕێژەی لە (79.6%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی ناحیەی ڕزگاری پێکهێناوە، لە کاتێکدا ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردەی لە سـنوری گوندنشـینەکانی ناحیەی ڕزگاری دەگاتە (293) هێزی کار، بە ڕێژەی لە (20.4%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لەسـەر ئاسـتی ناحیەکە پێکهێناوە، بەرزی ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی لە سـنوری شـارنشـینی ناحیەکە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە سنوری شارنشینی ناحیەکە بەراورد بە ژمارەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی سنوری گوندنشینی ناحیەکە.

هەروەها لە سنوری شارنشینی ناحیەی پێباز هێزی کار لە کەرتی پەروەردەیی دەگاتە (183) هێزی کار، کە بەڕێژەی لە (42.4%) کۆی هێزی کاری پەروەردە لە ســەر ئاســتی ناحیەکە پێکهێناوە، لە کاتێکدا ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە گوندەکانی ناحیەکە دەگاتە (249) هێزی کار، کە بە ڕێژەی لە (57.6%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی ناحیەکە پێکدەهێنێت، هۆکاری بەرزی ڕێژەی هێزی کار بۆ زۆری ژمارەی گوندەکانی ناحیەکە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان(30) گوندە، لەو ژمارەیە (20) گوندیان قوتابخانەی بنەڕەتی تێدا بنیاتنراوە.

لەهەمانکاتدا لە ناحیەی شیخ تەویل ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە سنوری شارنشینی ناحیەکە دەگاتە (42) هێزی کار کە بە ڕێژەی (15.3%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی پێکهێناوە، لە کاتێکدا ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە گوندنشـــینەکانی ناحیەکە دەگاتە (233) هێزی کار، کە بە ڕێژەی لە (84.7%) کۆی هێزی کاری پەروەردە لەسەر ئاستی ناحیەی شێخ تەویل پێکهێناوە، ئەگەر سەرنج بدەین ژمارە و ڕێژەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە گوندنشـــینەکانی ســـنوری ناحیەی شـــێخ تەویل زیاترە لە هێزی کار لە کەرتی پەورەردەی ناوەندی ناحیەی شـــێخ تەویل، ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی گوندەکانی ناحیەکەدەگەڕێتەوە کە ژمارەی گوندەکانی (43) گوندە، خوێندنی بنەڕەتی لە زۆربەی گوندەکانی ســـەر بەناحیەکە بنیاتنراوە کە ژمارەیان دەگاتە (16) قوتابخانەی بنەرەتی، لە بەرامبەردا کەمی ژمارەی دانیشتوان و کەمی خزمەتگوزاری پێویست لە ناوەندی ناحیەی شێخ تەویل و دووری ناحیەکە لە ناوەندی قەزای کەلار هۆکارێکە بۆ کەمی ژمارە و ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناوەندی ناحیەی شـــێخ تەویل. بۆ زانینی دابەشـــبوونی ژینگەیی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە بڕوانە نەخشەی (2).

**خشتەی (3)**


**دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی هێزی کار بە پێی ژینگە لەسەر ئاستی یەکەکارگێرییەکانی قەزای کەلار بۆ ساڵی (2024)**

| ژینگە | شار | | گوند | | گشتی کۆی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەی کارگێری | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| ناوەندی قەزای کەلار | 3673 | 88.1 | 494 | 11.9 | 4167 | 100 |
| ناحیەی پێباز | 183 | 42.4 | 249 | 57.6 | 432 | 100 |
| ناحیەی ڕزگاری | 1143 | 79.6 | 293 | 20.4 | 1436 | 100 |
| ناحیەی شێخ تەویل | 42 | 15.3 | 233 | 84.7 | 275 | 100 |
| قەزا | 5041 | 79.9 | 1269 | 20.1 | 6310 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەست بە:- بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار، هۆبەی پلان/ (E.parwarda)، (داتای بڵاونەکراوە)، ساڵی (2024).

نەخشەی (2)

دابەشبوونی هێزی کار بە پێی ژینگە لەسەر ئاستی یەکەکارگێرییەکانی قەزای کەلار بۆ ساڵی (2024)




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (3).

## 3. دابەشبوونی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە بە پێی دامەزراوە فێرکارییەکان و ناونیشانی پیشەیی و ڕیزبەندییان لە سەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان:

گومانی تێدانیە کە پەروەردە لە پێداویستی و پایە گرنگەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە، و یەکێکە لەو ئامرازە سەرەکیانەی کە گەلان لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا پشتی پێدەبەستن بۆ بەدیهێنانی هوشیاری نەتەوەیی و دانانی بنەمای زانست لە ناو گەلەکەیاندا ،کە یارمەتیدەرە لە بنیاتنانی مرۆڤ و شارستانیەت (حسن، 2024، صفحة 113). دابەشبوونی هێزی کار بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پێکهاتەی ئابووریی هەموو کۆمەڵگاکان هەیە و ڕەنگدانەوەی ڕادەی بەشداربوونی دانیشتوان و ڕێژەکەیەتی لە هەر چالاکیەک یان کەرتێک لە پێکهاتەی ئابووری، هەروەها دەتوانرێت سوود لە سەرچاوە مرۆییە زیادەکانی هەرکەرتێکی دیاریکراو وەربگرێت و جارێکی تر دابەشبکرێنەوە بەسەر ئەو کەرتانەی کە بەدەست کەمی دەستی کارەوە دەناڵێنن (الحسناوي، 2023، صفحة 768). لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لەقەزای کەلار بە پێی دابەشبوونی ڕیزبەندییان لە دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### 3.1 دابەشبوونی ڕیزبەندی هێزی کاری کەرتی پەروەردە بە پێی دامەزراوە فێرکارییەکان:

**لە سەر ئاستی قەزای کەلار** هێزی کار لە دامەزراوەکانی خوێندنی بنەڕەتی لە ڕیزبەندی یەکەمدایە کە ژمارەیان دەگاتە(4754) هێزی کار، کە بەڕێژەی (75%) لە کۆی گشتی هێزی کاری کەرتی پەروەردە پێکدەهێنێت لە قەزای کەلار، بڕوانە خشتەی (4) ،مەبەستمان لە هێزی کار لە خوێندنی بنەڕەتی سەرجەم مامۆستایانی بنەڕەتی و فەرمانبەران و خزمەتگوزارەکانی ئەو قۆناغەی خوێندنە لە هەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ) کە ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پرۆسەی خوێندنیان لە ئەستۆگرتووە.

سەبارەت بە ژمارەی هێزی کار لە خوێندنی ئامادەیی ڕیزبەندی لە دووەمدان لە سەر ئاستی قەزای کەلار کە ژمارەیان دەگاتە(1131) هێزی کار بەڕێژەی لە (17.9%) لە کۆی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار پێکدەهێنێت، ئەم قۆناغەی خوێندن لە دوای خوێندنی بنەڕەتییەوە دەست پێدەکات کە خوێندکار لە تەمەنی (15) ساڵیەوە دەچێتە ئەو قۆناغەی خوێندن، ئەم قۆناغە لە سێ پۆلی خوێندن پێک دێت پۆلەکانی (10+11+12) ئامادەیی هەردوو بەشی (وێژەیی و زانستی) لە خۆ دەگرێت.

بەڵام ڕیزبەندی سێیەم لە پشکی هێزی کاری پەروەردەییە لە باخچەکانی ساوایان کە ژمارەیان دەگاتە (333) هێزی کار کە بەڕێژەی (5.3%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی پێکدەهێنن، قۆناغی باخچەی ساوایان بەگرنگترین قۆناغی بەر خوێندن دادەنرێت بۆ بنیاتنانی کەسایەتی منداڵ، چونکە ئەم قۆناغە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێشخستنی بەهرەو تواناکانی منداڵ و گەشەپێدانی لایەنی مەعریفی و زمانەوانی و جەستەیی منداڵان.

سەبارەت بە ڕیزبەندی چوارەم لە پشکی ستافی هێزی کارە لە خوێندنی خێرا کە ژمارەیان دەگاتە (33) هێزی کار، ئەو ژمارەیەش بەڕێژەی (0.5%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە سەر ئاستی قەزای کەلار پێکدەهێنیت، بەدوای ئەودا ڕیزبەندی پێنجەم لە پشکی خوێندنی پیشەیی دەبێت کە ژمارەیان دەگاتە(31)هێزی کار، ئەوەش بەڕێژەی لە (0.5) کۆی هێزی کار لەکەرتی پەروەردەیی پێک دەهێنێت لە سەر ئاستی قەزا، ڕیزبەندی شەشەم لە پشکی هێزی کاری پەروەردەییە لە قوتابخانەی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) کە کەمترین ژمارەیان هەیە دەگاتە (28) هێزی کار کە بە ڕێژەی (0.4%) کۆی هێزی کاری لە کەرتی پەروەردەیی پێک دەهێنێن لە سەر ئاستی قەزای کەلار.

**لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکانی (ناحیەکان)**ی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هێزی کاری پەروەردەیی لە دامەزراوەکانی خوێندنی بنەڕەتی ڕیزبەندی یەکەمی هەیە لە ناوەندی قەزاکە کە ژمارەکەیان دەگاتە (3050) هێزی کار، بەڕێژەی (72.8%) کۆی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە ناوەندی قەزاکە پێکدەهێنێت، هۆکاری بەرزی ڕێژەکە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوان لە ناوەندی قەزاکە، و زۆری ژمارەی دەرچووەکانی زانکۆو پەیمانگاکان، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە دابمەزرێنرێت بەتایبەتی خوێندنی بنەڕەتی چونکە ئەم قۆناغەی خوێندن ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە هەردوو ڕەگەز لە خۆدەگرێت بە بەراورد بە قۆناغەکانی تری خوێندن.

لە کاتێکدا هێزی کار لە خوێندنی ئامادەیی ڕیزبەندی دووەمی هەیە بە کە ژمارەیان دەگاتە (815) هێزی کار کە بە ڕێژەی (19.4%) کۆی هێزی کار لە ناوەندی قەزاکە لە پێکدەهێنن، سەبارەت بە هێزی کار لە دامەزراوەکانی باخچەی ساوایان لە ڕیزبەندی سێیەمدایە ژمارەکەیان دەگاتە (253) هێزی کار کە بە ڕێژەی (6%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناوەندی قەزاکەی پێکدەهێنن.

بەڵام ڕیزبەندی چوارەم لە پشکی خوێندنی پیشەیی دایە کە ژمارەی هێزی کاری پەروەردەیی دەگاتە (31) هێزی کار کە بە ڕێژەی لە (0.7%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناوەندی قەزا پێکدەهێنن، وەک دەزانین کە تەنها (1)یەک خوێندنی پیشەیی هەیە لە سەر ئاستی قەزای کەلار، ئەویش لە ناوەندی قەزاکەدایە.

سەبارەت بە هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قۆناغی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) بەڕیزبەندی پێنجەم دێن لە قەزاکە کە ژمارەیان گەشتووە بە (20) هێزی کار و بە ڕێژەی (0.5%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناوەندی قەزا پێکدەهێنن، لە کاتێکدا نزمترین ڕیزبەندی لە پشکی هێزی کاری پەروەردەییە لە قۆناغی (فێرکردنی خێرا) کە ڕیزبەندی شەشەم دێن کە ژمارەیان دەگاتە (17) هێزی کار کە بە ڕێژەی لە (0.4%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە پێکدەهێنن، ئەو جۆرە خوێندنە تەنها (2) دامەزراوەی هەیە لە ناوەندی قەزای کەلار.

سەبارەت بە هێزی کار لە دامەزراوەکانی پەروەردەیی لە ناحیەی ڕزگاری، هێزی کار لە خوێندنی بنەڕەتی ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە لە سە رئاستی ناحیەکە ژمارەیان دەگاتە (1092) هێزی کار وە بەڕێژەی (77.1%) کۆی هێزی کار لە سەر ئاستی ناحیەکە پێکدەهێنن، بە دوای ئەودا هێزی کاری خوێندنی ئامادەیی دێت کە لە ڕیزبەندی دووەمدان کە ژمارەیان دەگاتە (249) هێزی کار کە بە ڕێژەی لە(17.6%)

کۆی هێزی کار لە کەرتی پەروەردەیی لە ناحیەکە پێکدەهێنن، لەسەر ئاستی ناحیەکە نزمترین ریزبەندی لە پشکی هێزی کارە لە خوێندنی خێرا کە ژمارەیان دەگاتەلە (8) هێزی کار بەرێژەی (0.6%) لە کۆی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە پێکدەهێنێت لە ئاستی ناحیەکە .

لە کاتێکدا لە ناحیەی پێباز هێزی کار لە دامەزراوەکانی خوێندنی بنەڕەتی بەرزترین ریزبەندی گرتووە کە ژمارەیان دەگاتە (354) هێزی کار و بەرێژەی (81.9%) کۆی هێزی کار ی پەروەردەیی لە سەر ئاستی ناحیەکە پێکدەهێنن، بەڵام هێزی کار لەخوێندنی ئامادەیی لە ریزبەندی دووەمدان کە ژمارەیان دەگاتە(50) هێزی کار کە بە ریژەی (11.6%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە سەر ئاستی ناحیەکە پێکدەهێنن، سەبارەت بە هێزی کار لە باخچەی ساوایاندا لە ریزبەندی سێیەمدان کە ژمارەیان دەگاتە (18) هێزی کار کە بەرێژەی (4.2%) کۆی هێزی کار لە سەر ئاستی ناحیەکە پێکدەهێنن، هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە ریزبەندی پێنجەم دێن کە نزمترین ریزبەندییان گرتووە ژمارەیان دەگاتە (2) هێزی کار کە بەرێژەی (0.5%) هێزی کار لەسەر ئاستی ناحیەکە پێکدەهێنن، بەڵام خوێندنی پیشەیی لە هەرسێ ناحیەکەی (پێباز و رزگاری و شێخ تەویل)دا نیە هەر بۆیە هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لەو دوو دامەزراوەیە رێژەکەیان (سفرە).

لە ناحیەی شێخ تەویل تەنها دوو جۆری دامەزراوەی پەروەردەیی هەیە خوێندنی(بنەڕەتی وئامادەیی)، هێزی کار لە خوێندنی بنەڕەتی لە ریزبەندی یەکەمدایە کە ژمارەیان (258) هێزی کارە ریژەی لە (93.8%) لە کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە سەر ئاستی ناحیەکە پێکدەهێنێت، لە خوێندنی ئامادەیی هێزی کار لە ریزبەندی دووەمدایە ژمارەیان (17) هێزی کارە، بە ریژەی (6.2%) لە کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناحیەکە پێکدەهێنن.

ئەگەر سەرنجی خشتەی (4) بدەین، ژمارەی هێزی کار لە قۆناغی بنەڕەتی بە پلەی یەکەم دێن، هۆکاری ئەوەش بۆ زۆری ژمارەی قوتابخانەی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەژمارەیان دەگاتە (166) قوتابخانەی بنەڕەتی، تەنها لە ناوەندی قەزای کەلار (82) قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە، لە ناحیەی رزگاری (45) قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە، لە ناحیەی پێباز(22) قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە، لە ناحیەی شێخ تەویل (17) قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە، ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە دەگەڕێتەوە، زۆری ژمارەی قوتابیانی بنەڕەتی بەراورد بە قۆناغەکاتی تری خوێندن، ئەمەش پێویستی بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی دەرچووی پەیمانگەکان هەیە کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم و دبلۆمی گشەپێدانن، هەروەها مامۆستایانی ڕەگەزی مێ زیاتر حەزدەکەن لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان دادەمەزرێن چونکە ئەرکی بە خێوکردنی ماڵ وخێزانی زیاتر لە ئەستۆیە و هەربۆیە پیشەیی مامۆستایی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان گونجاو ترە و ئاسانترە، لەبەرئەوەی کاتی مانەوە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان کەمترە بەراورد بە دامەزراوە فێرکارییەکانی تر، هەروەها نزیکی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە شوێنی نیشتەجێوونی مامۆستایان (صاڵح، 2025). بۆ زانینی دابەشبوونی ڕێژەیی هێزی کار بە پێی دامەزراوە فێرکارییەکان بڕوانە نەخشەی(3).


**خشتەی (4) دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی هێزی کار بەپێی دامەزراوە فێرکارییەکان لە قەزای کەلار بۆ ساڵی (2024)**

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە:- بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار، هۆبەی پلان/ (E.parwarda)، (داتای بڵاونەکراوە)، لە ساڵی (2024).

| یەکەی کارگێری | ناوەندی قەزا | | ڕیزبەندی | ناحیەی رزگاری | | ڕیزبەندی | ناحیەی پێباز | | ڕیزبەندی | ناحیەی شێخ تەویل | | ڕیزبەندی | قەزای کەلار | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دامەزراوەی پەروەردەیی | ژمارە | % | | ژمارە | % | | ژمارە | % | | ژمارە | % | | ژمارە | % | |
| باخچەی ساوایان | 253 | 6 | 3 | 62 | 4.4 | 3 | 18 | 4.2 | 3 | — | — | | 333 | 5.3 | 3 |
| خوێندنی بنەڕەتی | 3050 | 72.9 | 1 | 1092 | 77.1 | 1 | 354 | 81.9 | 1 | 258 | 93.8 | 1 | 4754 | 75 | 1 |
| خوێندنی ئامادەیی | 815 | 19.4 | 2 | 249 | 17.6 | 2 | 50 | 11.6 | 2 | 17 | 6.2 | 2 | 1131 | 17.9 | 2 |
| خوێندنی پیشەیی | 31 | 0.7 | 4 | — | — | — | 0 | 0 | | — | — | | 31 | 0.5 | 5 |
| خوێندنی خێرا | 17 | 0.4 | 6 | 8 | 0.6 | 4 | 8 | 1.9 | 4 | — | — | | 33 | 0.5 | 4 |
| نەهێشتننەخوێندەواری | 20 | 0.5 | 5 | 6 | 0.4 | 5 | 2 | 0.5 | 5 | — | — | | 28 | 0.4 | 6 |
| کۆی | 4192 | 100 | | 1436 | 100 | | 432 | 100 | | 275 | 100 | | 6310 | 100 | |

**نەخشەی (3)**

**دابەشبوونی ڕێژەیی هێزی کارلە پەروەردە بەپێی دامەزراوە فێرکارییەکان لە سەر ئاستی قەزای کەلار بۆ ساڵی (2024)**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (4).

### 3.2 دابەشبوونی هێزی کاری کەرتی پەروەردە بە پێی ناونیشانی پیشەیی و ڕیزبەندیان:

هێزی کار لە کەرتی لە قەزای کەلار لە پۆلێنی جۆراو جۆر پێکهاتوون، لە مامۆستای باخچە و مامۆستای بنەڕەتی و ئامادەیی و مامۆستایانی تایبەت بە خوێندنی خێرا و نەهێشـــتنی نەخوێندەواری کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکان کاردەکەن و بڕوانامەی جیاوازیان هەیە، هەروەها لەگەڵ کارمەندانی کارگێری و خزمەتگوزاری کە خاوەنی بڕوانامە و پیشـەی جۆراوجۆرن لە ناو دامەزراوە فێرکارییەکاندا. بڕوانە خشـتەی (5). لە سەرئاستی قەزای کەلار مامۆستایانی باخچە و خوێندنی بنەڕەتی ریزبەندی یەکەمیان وەرگرتووە، کە ژمارەیان گەیشتووەتە (4617) هێزی کـار کە بە ڕێژەی (71.4%) کۆی هێزی کـار لـە قەزاکەدا پێکـدەهێنن، هۆکـاری بـەرزی ڕێژەی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمـارەی قوتـابخـانـەکـانی بنەڕەتی، ئەمەش پێویســـتی بە ژمـارەیەکی زۆری کـادیری پەروەردەیی و کـارگێری و خزمەتگوزاری هەیە بۆ پڕکردنەوەی پیداویستی قوتابخانەکان.

بەڵام مامۆسـتایانی ئامادەیی و پیشـەیی ریزبەندی دووەمیان هەیە، ژمارەیان دەگاتە(1039) هێزی کار بە ڕیژەی لە (16%) کۆی هێزی کار پێکدەهێنن لە قەزاکەدا، بەڵام ســەبارەت بە هێزی کار لە فەرمانبەران و ســـتافی خزمەتگوزاری لە دامەزراوە فێرکارییەکانی قەزاکە لە ریزبەندی سـێیەمدان کە ژمارەیان گەیشـتووەتە (597) هێزی کار وە لە (9%) هێزی کار پێکدەهێنن لەســـەر ئاسـتی قەزای کەلار، ئەمە لە کاتێکدا نزمترین ریزبەندی لە قەزاکەدا لە پشـکی خوێندنی خێراو نەهێشـتنی نەخوێندەوارییە کە ژمارەیان (73) دەسـتی کارە و لە (1%) لە کۆی هێزی کاری پەروەردە لە قەزاکە پێکدەهێنن.

**لە ســـەر ئاســـتی یەکە کارگێرییەکانی (ناحیەکان)**ی قەزاکەی کەلار، ناوەندی قەزای کەلار کۆی هێزی کار لە پەروەردە دەگاتە (4167) هێزی کار، مامۆستایانی باخچەی ساوایان و خوێندنی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای کەلار لە ریزبەندی یەکەمدان،کە ژمارەیان دەگاتە (2974) بەڕێژەی (71.4%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لەســـەر ئاسـتی قەزا پێکدەهێنن، هۆکاری بەرزی ئەم ڕیژەیە لە ناوەندی قەزا بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوان و زۆری ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکان دەگەڕێتەوە کە تەنها لە ناوەندی قەزای کەلار (9) باخچەی ساوایانی تێدایە لە کۆی (13) باخچەی ساوایانی سنوری قەزای کەلار، و (82) قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە لە کۆی (165)قوتابخانەی بنەڕەتی سنوری قەزای کەلار.

بەڵام مامۆستایانی ئامادەیی و پیشەیی لە ریزبەندی دووەمدان ژمارەیان دەگاتە (733) هێزی کار کە بە ڕیژەی (17.6%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی قەزاکە پێکدەهێنن، هەرچی فەرمانبەرانی کارگێری و خزمەتگوزارییە ریزبەندی ســـێیەمیان هەیە کە ژمارەیان دەگاتە(427) هێزی کار کە بەڕیژەی (10.2%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لە ناوەندی قەزا پێکدەهێنن، نزمترین ڕێزبەندی لە پشـــکی هێزی کاری پەروەردەییە لە خوێندنی (خێراو نەهێشتنی نەخوێندەواری)کە ژمارەیان دەگاتە (33) هێزی کار کە بەڕێژەی (0.8%) کۆی هێزی کار کەرتی پەروەردەیی پێک دەهێنن.

لە کاتێکدا لە ناحیەی ڕزگاری کۆی هێزی کاری پەروەردەیی دەگاتە (1436) هێزی کار لە ســـەر ئاســـتی ناحیەکە، مامۆســـتایانی باخچە وخوێندنی بنەڕەتی بە ریزبەندی یەکەم دێن کە ژمارەیان دەگاتە(1056) بکە بە ڕیژەی (73.5%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی پێکدەهێنن، لە ناحیەی ڕزگاری (خوێندنگەی پیشـــەیی) تێدا نیە، تەنها قوتابخانەی ئامادەیی تێدایە، هەر بۆیە تەنها مامۆســـتایانی خوێندنی ئامادەیی لە ریزبەندی دووەمدان ژمارەیان دەگاتە (243) هێزی کار کە بە ڕیژەی (16.9%) کۆی هێزی کاری پەروەردە پێکدەهێنن لە ســـەر ئاســـتی ناحیەکە، ســەبارەت بە کارمەندانی کارگێری و خزمەتگوزاری لە ریزبەندی سـێیەمدان کە ژمارەیان دەگاتە(123) هێزی کار و لە (8.6%) کۆی هێزی کاری پەروەردە لە ســەر ئاسـتی ناحیەکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا کارمەندانی کارگێری و خزمەتگوزاری لە نزمترین ڕیزبەندیان هەیە ژمارەیان دەگاتە(14) هێزی کار و لە(1%) کۆی هێزی کار لە کەرتی پەروەرد پێکدەهێنن لەسەر ئاستی ناحیەی ڕزگاری.

بەڵام لە ناحیەی پێبازدا کۆی هێزی کاری پەروەردەیی دەگاتە (432) هێزی کار لەســـەرئاســـتی ناحیەکە، مامۆســـتایانی باخچە و خوێندنی بنەڕەتی لە ڕیزبەندی یەکەمدان کە ژمارەیان دەگاتە (338) هێزی کار بە ڕیژەی لە (78.2%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی لەسـەر ئاسـتی ناحیەکە پێکدەهێنن ، بەڵام ڕیزبەندی دووەم لە پشکی مامۆستایانی ئامادەیی یە کە ژمارەیان دەگاتە (47) هێزی کار کە بەڕیژەی لە (10.9%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی پێکدەهێنن، لەکاتێکدا ڕیزبەندی سـێیەم لە پشـکی فەرمانبەرانی کارگێری و خزمەتگوزاری یە کە ژمارەیان دەگاتە (37) هێزی کار و لە (8.6%) هێزی کاری پەورەردەیی لەسـەر ئاسـتی ناحیەی پێباز پێکدەهێنن، سـەبارەت بە هێزی کار لە (خوێندنی خێرا و نەهێشـــتنی نەخوێندەواری) بە ڕیزبەندی چوارەم و پێنجەم دێن بەدوای یەکدا ژمـارەیـان دەگاتە (10) هێزی کـار کە بە ڕیژەی لە (2.3%) کۆی هێزی کاری پەروەردەیی پێکدەهێنن، چونکە تەنها (1) قوتابخانەی خوێندنی خێرا و (1) قوتابخانەی نەهێشـتنی نەخوێندەواری لە ناحیەکەدا هەیە.

سـەبارەت بە ناحیەی شـێخ تەویل کۆی هێزی کار لە ناحیەکەدا دەگاتە (275) هێزی کار، پشـکی هێزی کار لە باخچەی سـاوایان و خوێندنی بنەڕەتی وەکو ناحیەکانی تر لە ڕیزبەندی یەکەمدایە کە ژمارەیان دەگاتە (249) هێزی کار بە ڕیژەی (91%) کۆی هێزی کار لە سەر ئاستی ناحیەکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا هێزی کار لە خوێندنی ئامادەیی لە ڕیزبەندی دووەمدایە کە ژمارەیان دەگاتە (16) هێزی کار بەڕیژەی (6%) کۆی هێزی کار لە ناحیەکە پێکدەهێنێت، کەمی ژمارەی هێزی کار لە خوێندنی ئامادەیی ئەوەیە تەنها یەک خوێندنگەی ئامادەییە لە ناحیەکەدا هەیە و خوێندنگەی پیشـەیی تێدا نییە، لە کاتێکدا کارمەندانی کارگێری و خزمەتگوزاری بە ڕیزبەندی سێیەم دێن کە ژمارەیان دەگاتە (10) هێزی کار و لە (4%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە پێکدەهێنن لە سەر ئاستی ناحیەکە.

هەروەکو لە خشـتەی (5) دەردەکەوێت، جیاوازی زۆر هەیە لە دابەشبوونی ڕیژەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار هۆکاری بەرزی ڕیژەی مامۆستایانی باخچەکانی ساوایان و قوناغی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی کە پەیوەستە بە:

ئاسـانی وەرگرتن (سـهولە القبول) لە پەیمانگاکان، سـیاسـەتی پەروەردەیی وایە زۆرجار پێشـینە(ئەولەویەت) بە قۆناغی بنەڕەتی دەدرێت بە دابینکردنی مامۆستای بنەڕەتی بۆ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنی گشتی بۆ خوێندنی بنەڕەتی، بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان چونکە خوێندن

لە قۆناغی بنەڕەتی (الزامي) ناچارییە، وە مامۆستایانی قوتابخانەی بنەڕەتی دەتوانن چەند بابەتێک بڵێنەوە، بە پێچەوانەی خوێندنگە ئامادەییەکان کە پێویستی بە مامۆستای پسپۆر هەیە بۆ هەر بابەتێک.
زۆری خواستی خوێندکاران بۆ خوێندن لە پەیمانگاکان بەتایبەتی ڕەگەزی مێ، بەهۆی کەمی ماوەی خوێندن و کەمی تێچووی خوێندن لە پەیمانگەکان، وەکەمی هەلی کاری جێگرەوە بۆ ڕەگەزی مێ جگە لەبواری پەروەردە، وە زۆری ژمارەی پەیمانگەکان. لەبەرامبەردا کەمی ژمارەی هێزی کار لە خوێندنگە ئامادەیی و پیشەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:
خوێندنگەکان پێویستیان بە پسپۆری وورد تر هەیە لە بواری فیزیا و کیمیا و بیرکاری و زیندەوەرزانی و پسپۆرییەکانی تر، ئەم پسپۆریانە گرانن و دەرچووانی زانکۆ لەم پسپۆریانە کەمترن، وە زۆربەی دەرچووانی زانکۆکان جگە پەروەردە لە بواری تردا کاردەکەن، کە مووچەی زیاتر و دەرفەتی باشتریان هەیە، ئەمەش وا دەکات کە هەلی دامەزراندنی هێزی کاری پەروەردەیی لە خوێندنگە ئامادەیی و پیشەییەکان کەمتربێت. سەبارەت کەمی ژمارەی هێزی کار لە قوتابخانەکانی خوێندنی خێراو نەهێشتنی نەخوێندەواری دەگەڕێتەوە بۆ کەمی گرنگی پێدانی لەلایەن حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، زۆر جار قوتابخانەی گەورە سالاّن لە کاتە نەگونجاوەکاندا دەکرێنەوە (یا کاتی ئێوارانە یان لەناوچە دوورەکان)ە، وە کەمی پەیمانگە و زانکۆی تایبەت بە پسپۆری بواری خوێندنی گەورە سالاّن، جگە لە لاوازی پلانی پەروەردەیی و پاڵپشتی حکومەت بۆ قۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەواری و خراپی بارو گوزەرانی دانیشتوان، کە بەو هۆیەوە ژمارەی قوتابیان لەم قۆناغەدا زۆر کەمن، بۆ زانینی جیاوازی لە دابەشبوونی ڕێژەیی هێزی کار بە پێی ناونیشانی پیشەیی (الوظيفي) لەسەر ئاستی یەکەکارگێرییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بڕوانە شێوەی (2).

**خشتەی (5)**


**دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی هێزی کار بە پێی ناونیشانی پیشەیی وەزیفی و ڕیزبەندی لە قەزای کەلار لە ساڵی (2024)**

| ناونیشانی پیشەیی | ژمارە | % | | ژمارە | % | | ژمارە | % | | ژمارە | % | | ژمارە | % | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەی کارگێری | ناوەندی قەزا | | [illegible] | ناحیەی رزگاری | | [illegible] | ناحیەی پێباز | | [illegible] | ناحیەی شێخ تەویل | | [illegible] | قەزا | | [illegible] |
| مامۆستایانی باخچە وبنەڕەتی | 2974 | 71.4 | 1 | 1056 | 73.5 | 1 | 338 | 78.2 | 1 | 249 | 91 | 1 | 4617 | 73 | 1 |
| مامۆستایانی ئامادەیی و پیشەیی | 733 | 17.6 | 2 | 243 | 16.9 | 2 | 47 | 10.9 | 2 | 16 | 6 | 2 | 1039 | 16 | 2 |
| م.خوێندنی خێراو نەهێشتنی نەخوێندەواری | 33 | 0.8 | 4 | 14 | 1 | 4 | 10 | 2.3 | 4 | | 0 | | 57 | 1 | 4 |
| کارمەندانی کارگێری و خزمەتگوزاری | 427 | 10.2 | 3 | 123 | 8.6 | 3 | 37 | 8.6 | 3 | 10 | 4 | 3 | 597 | 9 | 3 |
| کۆی گشتی | 4167 | 100 | | 1436 | 100 | | 432 | 100 | | 275 | 100 | | 6310 | 100 | |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەست بە:- بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی قەزای کەلار، هۆبەی پلان/ (E.parwarda)، (داتای بڵاونەکراوە)، لە ساڵی (2024).

**شێوەی (2)**

**دابەشبوونی ڕێژەیی هێزی کار بە پێی ناونیشانی پیشەیی لەسەر ئاستی یەکەکارگێرییەکانی قەزای کەلار لە ساڵی (2024).**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (5).

**دەرئەنجام:**

لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بۆ (2) تەوەر : تەوەری یەکەم باس لە قەبارەو گەشەی هێزی کار دەکات لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار، پاشان تەوەری دووەم باس لە دابەشـــبوونی جوگرافی هێزی کار دەکات لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار. لێرەدا گرنگترین دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەخەینە ڕوو:

1- قەبارەو گەشەی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە قەزای کەلار لە نێوان ساڵانی (2015-2024) ناجێگیری پێوە دیارە، لە ساڵی (2015) دەگاتە (6353) هێزی کار، ئەو ژمارەیە کەمدەبێتەوە لە ساڵی (2020) بۆ (6298) هێزی کار، تێکرای ڕێژەی گەشەی ساڵانە لە ماوەی نێوان (2015-2020) بریتییە لە (-0.17%)، لە کاتێکدا قەبارەی هێزی کار لە ماوەی ساڵی (2024) بەرزدەبێتەوە بۆ (6310) کە تێکرای گەشەی ساڵانە لەنێوان ساڵانی (2020-2024) بەرزدەبێتەوە بۆ (0.05%)، بەڵام تێکرای گەشەی هێزی کار لە نێوان ساڵانی (2015-2024) دەگاتە (-0.08%). هۆکاری دابەزینی ڕێژەگەشـــەی هێزی کار لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ خانەنشـین بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆسـتایان و فەرمانبەران و کارگوزارانی کەرتی پەروەردە، لە بەرامبەردا دانەمەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە شێوەی هەمیشەیی.

2-جیاوازی زۆر هەیە لە دابەشـــبوونی ڕێژەیی هێزی کار لە کەرتی پەروەردە لە نێوان یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە، ناوەندی قەزای کەلار بە ڕیزبەندی یەکەم دێت لە ڕووی ڕێژەی هێزی کاری کەرتی پەروەردەیی کە دەگاتە لە (66.4%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە، لە بەرامبەردا ناحیەی ڕزگاری بە ڕیزبەندی دووەم دێت ڕێژەی هێزی کار دەگاتە لە(22.4%)، بەڵام ناحیەی پێباز بە ڕیزبەندی ســێیەم دێت کە ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی دەگاتە لە (6.8%)، لە کاتێکدا ناحیەی شـێخ تەویل بە ڕیزبەندی چوارەم دێت کە ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی تێدا دەگاتە لە (4.4%)کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لەســەر ئاسـتی قەزا. هۆکارەکانی پشـت ئەم جیاوازیانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ژمارەی دانیشـــتوان و جیاوازی لە دابەشـــبوونی جوگرافی دانیشـــتوانی ناوچەی لێکۆلینەوە، دابەشـــبوونێکی ناهاوسـەنگی قوتابخانەو خوێندنگەکان لە نێوان یەکەکارگێڕییەکان ونەبوونی پلانێکی ستراتیژی گشتگیر بۆ دابەشبوونی هێزی کار لەسەر بنەمای پێویستی ڕاستەقینە.

3-جیاوازی زۆر هەیە لە ڕووی دابەشـبوونی ڕێژەیی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لە نێوان شــار و گوندەکاندا، لە شــاردا ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی دەگاتە (79.9%) بەڵام لە گوندەکاندا ڕێژەیاندەگاتە (20.1%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لەســەر ئاسـتی قەزا. هۆکاری ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی گەشەی دانیشتوان و زۆری ژمارەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچە شارنشینەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش پێویسـتی بە ژمارەیەکی زۆری هێزی کاری پەروەردەیی دەبێت، لەبەرامبەردا کەمی قەبارە و چڕی دانیشـتوان و کەمی ژمارەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچە گوندنشـــینەکان وا دەکات ژمارەی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لە ســنوری گوندنشینی کەمتربێت بەراورد بە سنوری شارنشینی قەزاکە.

4-قوتابخانە بنەڕەتییەکان زۆرترین هێزی کاری پەروەردەیی لە خۆ دەگرن، قوتابخانە بنەڕەتییەکان بە ڕیزبەندی یەکەم دێن ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی تێیاندا دەگاتە لە (75%)کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردەیی، بە دوای ئەودا خوێندنگە ئامادەییەکان بە ڕیزبەندی دووەم دێن کە لە (17.9%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە لە خۆدەگرن، بەڵام لە باخچەکانی سـاوایان هێزی کاری پەروەردەیی بە ڕیزبەندی سـێیەم دێن ڕێژەیان دەگاتە لە (5.3%) کۆی هێزی کاری کەرتی پەروەردە، لە کاتێکدا لە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی وەک (پیشـــەیی، خوێندنی خێرا، نەهێشـتنی نەخوێندەواری) ڕێژەی هێزی کاری کەرتی پەروەردە بە ڕیزبەندی (چوارەم و پێنجەم و شـەشـەم) دێن، ڕێژەیان دەگـاتە لە (0.5%، 0.5%، 0.4%) بەدوای یەکدا. بێگومـان هۆکـاری جیـاوازی ڕێژەی هێزی کـاری پەروەردەیی لە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک لەوانە:

أ- ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران بە پێی قۆناغەکانی خوێندن دەگۆڕێت، قوتابخانە بنەڕەتییەکان زۆرترین ژمارەی قوتابیان لە خۆدەگرن، لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشـــتوان و ڕێژەی لەدایکبوون بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە هەر بۆیە ســاڵانە ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە قوتـابخـانە بنەڕەتییەکـان تۆمـاردەکرێن، ڕێژەی وازهێنـان لە خوێنـدن لەم قۆنـاغەدا زۆر کەمترە لە قۆنـاغەکـانی دیکە، قوتـابخـانە بنەڕەتییەکان لە هەموو یەکەکارگێڕییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە دامەزراون لە (گوندو شـارەکان)دا جگە لە زۆری ژمارەیان بەراورد بە قۆناغەکانی دیکە، هەروەها لەکاتی دامەزراندنی هێزی کاری پەروەردەیی پێشـــینە (ئەولەویەت) دەدرێت بە قۆناغی بنەڕەتی بەو پێیەی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی ناچارییە (الزامیة)، بە هۆی زۆری ژمارەی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە زۆربەی قوتابخانەکانی ناوچەکە سیستەمی (دوو دوامی ، سێ دەوامی) هەیە، ئەو قوتابخانانەش پێویستی بەژمارەیەکی زۆری هێزی کاری پەروەردەیی دەبێت بەرواورد بە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.

ب- ســەبارەت بە قۆناغی ئامادەیی: کەمی ڕێژەی هێزی کاری پەروەردەیی بەراورد بە قۆناغی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: خوێندنگەی ئامادەیی تەنها لە سـەنتەری شـارنشـینیدا دامەزراون، و ژمارەی خوێندکارانی کەوتوو یان وازهێنان لە خوێندن لەم قۆناغەدا زیاترە، ڕەنگە بەهۆکاری ئابوری یان کۆمەڵایەتی بێت، جگە لەوەش وانەووتنەوە لە قۆناغی ئامادەیی پێویسـتی بە پسـپۆری وورد هەیە لە بـابەتەکـانی (بیرکـاری، فیزیـا، بـایۆلۆژی، ئینگلیزی و هتد)، هەروەهـا وانەوتنەوە لە قۆنـاغی ئـامـادەیی پێویســـتی بە ئامادەکاری باش و چاودێری بەردەوامی خوێندکاران دەبێت بە تایبەتی پۆلی دوانزەیەمی زانستی و وێژەیی، لەبەر ئەو هۆکارە زۆرێک لە مامۆســـتایان وانەووتنەوەیان لە قۆناغی بنەڕەتی لە لاپەســـەندترە لە قۆناغی ئامادەیی، هەر بۆیە خوێندنگە ئامادەییەکان ڕێژەیەکی کەمتر لە هێزی کاری پەروەردەیی لە خۆدەگرن.

ت- قۆناغی باخچەی ســـاوایان لەبەرئەوەی قۆناغێکی ناچاری نییە (الزامی) نیە، و باخچەی ســـاوایان تەنها لە ناوچە شــارنشـــینەکاندا دامەزراون و لە ناوچە گوندنشینەکاندا بوونیان نییە، کەمی ژمارەی باخچەی ساوایانی حکومی بەراورد بە ژمارەی زۆری دانیشتوانی

ناوچەکە، بوونی ژمارەیەک لە باخچەی ساوایانی (تایبەت) لە سنورەکە وایکردووە زۆرێک لە دانیشتوانی ناوچەکە منداڵەکانیان لە باخچەکانی ساوایانی (تایبەت) تۆماربکەن ، جگە لەوە زۆرێک لە دەرچوانی کۆلێژو پەیکانگەکان لە پسپۆری تایبەت بە باخچەکانی ساوایان نین، هەر بۆیە ژباخچەکانی ساوایان مارەیەکی کەمتر هێزی کاری پەروەردەیی لە خۆدەگرێت.

5-بە پێی ناونیشانی پیشەیی ( عنوان الوضيفي)، مامۆستایانی باخچەی ساوایان و خوێندنی بنەڕەتی بە ڕیزبەندی یەکەم دێن لەسەر ئاستی قەزا ڕێژەیان دەگاتە لە (73%) ، بەڵام مامۆستایانی ئامادەیی و خوێندنی پیشەیی بە ڕیزیەندی دووەم دێن کە ڕێژەیان دەگاتە لە (16%)،بەڵام سەبارەت بە کارمەندانی کارگێری و خزمەتگوزاری بە ڕیزبەندی سێیەم دێن ڕێژەیان دەگاتە لە (9%)، لە کاتێکدا نزمترین ڕیژە لە پشکی مامۆستایانی خوێندنی خێراو نەهێشتنی نەخوێندەوارییە ڕیژەیان دەگاتە لە (1%)، لەسەر ئاستی قەزا. بەرزی ڕیژەی مامۆستای باخچەی ساوایان و خوێندنی بنەڕەتی دەگەڕیتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: زۆری دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگەکان بەپیشەیی مامۆستایی لە کەرتی پەروەردە، زۆری خواستی خوێندکاران بۆ خوێندن لە پەیمانگەکان بە تایبەتی ڕەگەزی مێ ، کەمی ماوەی خوێندن لە پەیمانگەکان، ئاسانی وەرگرتنی خوێندکاران لە پەیمانگەکان، لەبەرامبەردا کەمی خواستی خوێندکاران لەسەر خوێندنی زانکۆ، چونکە ماوەی خوێندنی زۆرەترە و تێچووی ماوەی خوێندنی زیاترە لە چاو پەیمانگەکان، هەروەها خوێندن لە زانکۆکان لە پسپۆری ووردە و ئاسان نییە وەکو پەیمانگەکان، لەبەر ئەو هۆکارانە ژمارەی مامۆستایانی باخچەو خوێندنی بنەڕەتی بە ڕیزبەندی یەکەم دێن.

**ڕاسپاردە:**

1-دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ دابەشبوونێکی گونجاو بۆ هێزی کاری کەرتی پەروەردە بەپشت بەست بە پێی پێوەرەکانی پلادانان( ژمارەی خوێندکاران، پێویستی ڕاستەقینەی قوتابخانەکان، ڕەهەندی جوگرافی).

2-کردنەوەی دەرگای دامەزراندن بە تایبەتی بۆ ئەو مامۆستایانەی دەچووی فاکەڵتیەکانی زانست و پەروەردەن، بۆ پرکردنەوەی کەموکوڕی لە هێزی کاری پەروەردەیی لە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی قەزاکە.

3-گرنگیدانی زیاتر بە بە خچەکانی ساوایان بە کردنەوەی باخچەی ساوایانی زیاتر لە ناوەندی قەزای کەلار، بە تایبەتی لە گوندەکان.

4-هاندانی مامۆستایان بۆ دامەزراندنیان لە ناوچە گوندنشینەکان لە ڕیگەی هاندانەوە وەک ( دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە، وە دابینکردنی شوێنی مانەوەی مامۆستایان، وە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان).

5-پێداچوونەوە بەسیاسەتی دامەزراندن و گواستنەوە بۆ هێنانەدی دادپەروەری و کارایی لە دابەشبوونی هێزی کاری پەروەردەیی.

6- بە هیزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کۆلیژەکانی پەروەردە بە دارشتنی پلانی هاوبەش لە نێوان پەڕیوەبەرایەتی پەروەردە و زانکۆ ناوخۆییەکان بۆ دەستنیشانکردنی پسپۆرییەکانی داهاتوو کە خواستیان لەسەرە، و هاندانی خوێندکاران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا.

**یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1. البركات، حسين عواد حسوني حبيب.. (2021) *تحليل جغرافي للقوى العاملة في مجال التعليم الابتدائي والثانوي لمديرية تربية محافظة المثنى*. رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة ذي قار، ص.65.
2. العيداني، فاطمةعدنان خزعل. (2023). *القوى العاملة في قطاع التعليم في قضاء الزبير (دراسة في جغرافية السكان)*. رسالة ماجستير ، كلية الآداب، جامعة البصرة، ص.35–36.
3. السعيدي، زينب هادى جابر. (2024). التباين المكاني للخصائص الديموغرافية لسكان الريف في محافظة واسط. *مجلة العلوم الأساسية*، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة واسط، 23، ص.451.
4. الحديثي، طه حمادى. (2000). *جغرافية السكان*. ط2، جامعة الموصل، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، ص.291.
5. الحسناوي، على حسين خلف. (2024). *تحليل مؤشرات التنمية الاقتصادية والاجتماعية في قضاء الكفل*. أطروحة دكتوراه ، كلية التربية، جامعة الجزيرة، ص.63.
6. الحسناوي، جواد كاظم و عبد البوعلوان، ميس كريم. (2023). "حجم ونمو القوى العاملة الزراعية ونسبها الاقتصادية وتوزيعها الجغرافي في قضاء المحاويل (1997–2010–2021)". *مجلة المستنصرية للعلوم الإنسانية*، عدد خاص (2)، ص.768.
7. كريم، ميعاد كريم. و الزيادي، حسين عليوى ناصر. (2018). التباين المكاني للنمو السكاني وتوزيعهم في ريف سوق الشيوخ. *مجلة جامعة ذي قار*، 13(3)، ص.244.
8. ناصر، حسين جعاز. (2005). توزيع القوى العاملة في إقليم الفرات الأوسط 1987–1997. *مجلة القادسية للعلوم الإنسانية*، 8(3–4)، ص.239.
9. حسن، لين كريم. (2024). تقييم خدمات التعليم الابتدائي الأهلي في محافظة كربلاء المقدسة. رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة كربلاء، ص.113.
10. محمد، حيدر سعدي. (2019). التحليل المكاني لظاهرة الطلاق المسجلة في محافظة القادسية للمدة 2008–2017. رسالة ماجستير ، كلية الآداب، جامعة القادسية، ص.19.
11. طالب، جزا توفيق، و ئاكرەیی، سمير صباح. (2012). التوزيع البيئي للسكان في قضاء ئاكرى. *مجلة جامعة السليمانية* – قسم الدراسات الإنسانية، 35، ص.64.
12. الوائلي، بتول عبدالجبار. (2020). التحليل الجغرافي للقوى العاملة وكفاءتها في التعليم الابتدائي والثانوي. رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة كربلاء، ص.103.
13. عزيز، مزهدي عبدالقادر . (2019). التباين المكاني لتوزيع السكان في قضاء المحمودية. *مجلة مداد الأداب*، كلية الأداب، الجامعة العراقية، عدد خاص، ص.211.

---

**دووەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

14. احمد، بنار عبدالوهاب، محمد، أرام حسن، و توفيق، كامران محمد. (2022). گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی زەوی لە شاری کفری بە بەکارهێنانی سیستەمی (GIS@RS). گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 9(1)، ص.111.
15. حداد، هاشم ياسين، و عبدالرحمن، سردار محمد. (2009). ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق–عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ص.2.
16. زەنگەنە، ليث محمود محمد، و محمد، كاروان محمد حسن. (2023). دابەشبوونی جوگرافیای بەرهەمی دانەوێڵەی گەنم لە قەزای کەلار نێوان ساڵانی 2010–2020. *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، 10(2)، ص.35.
17. محمود، سنور علي. (2023). توانستە مرۆییەکانی بەرووبوومی کشتوکاڵ لە قەزای کەلار. *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، 10(2)، ص.148.

---

**سێیەم: سەرچاوە فەرمییەکان:**

18. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی **GIS** نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، **.(2024)**
19. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەشی پلانی پەروەردەی، داتای بڵاونەکراوە لە سیستەمی **E-Parwarda**، **(2024).**
20. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتیپەروەردەی کەلار. داتای بڵاونەکراوە، لە سیستەمی **E-Parwarda** ، **.(2024)..**

---

چوارەم: چاوپێکەوتنی کەسی:

21. صالح، بەمۆ حسين محمد. (2024). چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ سەرپەرشتیاری هۆبەی پلاندانانی پەروەردیی لە سیستەمی **E-Parwarda** ، لە بەرواری 20 جۆزەردان(5) 2025.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-05

# A Geographical Analysis of the Distribution of the Labour Force in the Education Sector

**Abbas Faisal Sattar 1**
**P. D. Bayan Ali Hussain 2**

1-Department of Geography, College of Humanities, Sulaimni University, Kurdistan Region – Iraq
2- Ministry of Education, Sulaimani Education Directorate, Derbandikhan Education Directorate

**Article Info**

| Received | **May 2025** |
|---|---|
| Accepted | **Jun 2025** |
| Published: | **July 2025** |

**Keywords**

**Labor Force، Education Sector، Educational Institutions**

**Corresponding Author**

abasfaysal99@gmail.com
bayan.hussain@univsul.edu.iq

**abstract**

This study is related to the labor force in the education sector in Kalar district based on descriptive and analytical methods and based on the official data and information of the statistics department of the education department of Kalar district and the general directorate of education of Garmian administration، as well as based on the program (SPSS) and (ARCGIS.10.8) to analyze and draw maps and geographical features of the study area. The purpose of this study is to show the size، distribution and change of the growth of the labor force in the education sector in the administrative boundaries of Kalar district، and to determine the The demographic، economic and administrative factors responsible for this division are the total size of the labor force in the education sector (6310) workforce، of which the largest number of labor forces is located in the center of Kalar district (66.4%)، but in the districts of (Rizgari، Pebaz، and Sheikh Tawil) their rates reach (22.4%، 6.8% and 4.4% respectively)، and the distribution of the labor force according to educational institutions has the highest percentage in the primary school level (75%). Kalar district has the lowest percentage of the share of schools for the eradication of illiteracy (0.4%)، but in terms of environmental distribution، the percentage of the labor force in the education sector reaches 79.9% in the urban areas and in the rural areas reaches (20.1%) of the labor force. Regarding their distribution according to their occupational title، kindergarten and primary school teachers have the highest percentage of (73%) of the total labor force، and the lowest percentage of teachers in the accelerated education and literacy eradication schools reaches (1%) of the total labor force. The study will be an important resource for stakeholders in the research area to shed light on the balance of the workforce distribution in the education sector.